# ئەوە نەوزاد هادی و حکومەتی هەرێم بۆچی قسە ناکەن ؟!

## ئازاد کەریم

لەم چەند رۆژانەی رابردوودا ،بابەتێکی فرە گرنگ لە سایتە کوردییەکان بە تایبەت لە کوردستاننێت ی خۆشەویستدا ،وروژێندرا، بەڵام بابەتەکە فرە سەرنج راکێش و حەساس بوو، حەساس بوو چونکە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە،ئەویش ئەوەیە کورە ئەنفالچییەکتان کردۆتە،قایمقامی بنەسلاوەو، پێشتریش ئەو کورە ئەنفالچییە بەرێوەبەری ناحیەی دارەتوو بووە.

لە حەقیقەتدا ، کە ئەو نووسینانەی کوردستان نێت م دەخوێندەوە ، لە جێگای خۆم موچرکم بە هەموو لەشدا دەهات و ، دەموت **تۆ بڵێی کاك نەوزاد وای کردبێ، ئەی ئەوە نییە خەڵك دەنگی بۆ دا و هەڵیانبژارد ، ئەی چۆن جاشێك کورە ئەنفالچییەکی کرد بە قایمقامی بنەسلاوە؟چۆن کورە ئەنفالچییەکی کرد بە نوێنەری خۆی ،لە ناوچەیەك کە خەڵکەکەی زۆر تێکۆشەرن و زۆریش قوربانییان داوە، ئاخر قەبرستانەکانی دەشتی هەولێر باشترین شایەتحاڵن، ژنە رەشپۆشەکانی دەشتی هەولێر باشترین و زیندووترین نموونەن،ئەی باشە پارێزگاری بەرێز چۆن ئەمەی بە بندەستدا تێپەری و تا ئێستاش لێی بێدەنگە. باشە ئێستا بەرامبەر بە خەڵکی دارەتوو بنەسلاوە دەڵێ چی؟**هەشت ناکەی زوڵمێکت لەو خەڵکە کردووە؟باشە کاك نەوزاد **ئەگەر بەیانی بچێتە بنەسلاوەو دارەتوو ، بەرامبەر بەو خەڵکە دەڵێ چیی؟؟؟ کاتێ باسی خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دەکات ؟، نەبەزەفەندی یش لە پشتییەوە دەوەستێو باسی ئەو دەستکەوتانە دەکرێ کە بۆیان دابین کراوە، گرنگترینیان دانانی کورە ئەنفالچییەکە بۆ قایمقامی!!** جاران دەیانوت سەیرە لە کۆیە ، ئەمرۆش عاجباتی ئاخر زەمانەیە لە دەشتی هەولێر !.

دەبێ ئەو سررە لە کوێ بێ کە نەوزاد هادی و حکومەتی هەرێم دەستیان لێی بەر نابێ ، دەبێ قودرەتی ئەو بەچکە ئەنفالچییە لە چیدا بێت .جگە لەو ماستاو چییەتیو کلکە لەقێیەی کە جاران بۆ بەعسیان دەکردو ئێستاش بۆ ئێوە.

ئێمە رازی نابین کورڕە ئەنفالچییەك ببێتە دەمڕاستمان ، هەرگیز نە بە نوێنەری حکومەتی دادەنێین ، نە بە ریش سپی خۆمانی دادەنێین ، ئەو ریشەی چەندین خیانەت و دزی و فرت و فێڵ کردن لە میللەتی لە ژێریا حەشارداوە . نامانەوێ جارێکی تر جاش و خۆفرۆشەکان بینەوە حاکم بەسەرمانەوە.

یان ئیجرائات وەربگرن و خۆتان خۆشەویست بکەنەوە، یان روونکردنەوەیەك بدەن کە ئاخۆ لەبەرچی دەست لەم جاشە هەڵناگرن .

ئێمە دەزانین کاك نەوزاد هەرگیز ئامادە نابێت بە ئاشکرا دیفاع لە کەسێکی جاش و کورڕە ئەنفالچییەك بکات ، هەر بۆیە بێدەنگی هەڵبژاردووە، بەڵام بێدەنگیش سنووری خۆی هەیە ، هورروەك هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە.